


# مەچەکبەندێک تیشکە زیانبەخشەکانیش دیاری دەکات

ئەوانەی گرنگی بە تەندروستی دەدەن، بەراستی دەزانن کە مەچەکبەندە هۆشمەندەکان گرنگی زۆریان هەیە، لە پێوانی هەنگاوەکان، هەتا ڕێژەی سووتاندنی کالۆری و وزە.. لە لێدانی دڵەوە هەتا ڕێژەی هەڵمژینی ئۆکسیجین... جار جاریش بەرهەمی نوێ و دەستبەندی نوێی هۆشمەند بەرهەم دێن کە تایبەتمەندییەکانیان زۆرتر و جیاوازترن.. بۆ نموونە مەچەکبەندی Honor band A1.. ئەو مەچەکبەندە دەتوانێت چاودێری وردی چالاکی ڕۆژانەی بەکارهێنەرەکەی بێت، وەك مەودای ڕۆیشتوون، ژماردنی هەنگاوەکان، ڕێژەی کالۆری سووتێندراو، ڕێژە و چۆنییەتی خەوتن و کاتی نووستن، لەهەمووشی گرنگتر دەتوانێت ڕێژەی تیشکی سەرووی وەنەوشی واتە (UV) کە لەگەڵ تیشکی خۆردایە بزانێت و هەروەها ڕێژەی مادەی رادیوئەکتیڤی دەوروبەرتان بزانە کە چەندە، ئەوکات پێت دەڵێت چ کرێمێکی دژە خۆر بەکار بینی. هەروەها گلۆپێکی LED ی لەسەرە ئەوکاتەی کورتە پەیام یان پەیوەندیت بۆ هات ئاگادارت دەکاتەوە. مەچەکبەندەکە بە مۆبایلەکانی هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئایفۆن دەبەسترێتەوە.





# ئامێرێکی نوێ بۆ گواستنەوە و هاتووچۆ



لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێك ئامرازی نوێمان دی کە بۆ سەرگەرمی و گواستنەوە سوودیان لێوەردەگیردرێ، بۆ نموونە سکۆتەری ئەلکترۆنی، سکێتی هۆشمەند، پایسکلی هۆشمەند...تاد. لەم دواییەدا کۆمپانیایەکیش هاتووە ئامرازێکی نوێ بەرهەم هێناوە کە بە walkcar دەیناسێنێ. کە لە راستیدا بەقەد لاپتۆپێك دەبێت و توانای هەڵگرتنی بەکارهێنەرەکەی هەیە.

ئامێری ئاماژە پێکراو چوار تایەی بچوکی هەیە و لە ئەلۆمینۆم دروستکراوە. راست وەك کەڤەرێکی لاپتۆپ دەچێت هەربۆیە بە ئاسانی دەتوانی لە جانتاکەتدا هەڵیبگری. رەنگە پرسیار بکەن ئەی باشە چۆن دەکرێت بەکارهێنەرەکەی کۆنترۆڵی بکات، ئاسانە، بۆ هەر لایەك جوڵە بکات ئامێرەکە بۆ ئەو لایە دەڕوات.

خێرایی ئامێرەکە ١٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێردایە و شەحن دەبێتەوە. بۆ شەحنکردنەوەی ٣ کاتژمێری پێدەچێ، ئامێرەکە توانای هەڵگرتنی١٢٠ کیلۆی هەیە و دەتوانی ئەم کێشە بە خێرایی ١٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێردا بگوازێتەوە...

# کارت ریدەری وایەرلەیس




میمۆری یان زەینی دیجیتالی کە لە مۆبایل و کامێراکاندا بەکار دێت، یان ئەو میمۆرییەی کە لە خودی کامێرا یان مۆبایلەکاندا هەیە وەڵامدەری ویستی بەکارهێنەرەکەی نییە، بۆیە میمۆری دیکەی بۆ دادەنێن.. میمۆرییەکان قەبارە و شێوازیان جیایە و قەبارەی داکردنی داتاش لە میمۆرییەکان جیایە..

کۆمپیوتەرەکان شوێنێکیان هەیە بۆ خوێندنەوەی میمۆری ئەگەر نەشیان بێت ئامێرێك بە قەوارە و کارکردی جیا هەیە بەناوی (کارت ریدەر) کە میمۆرییەکەی لەناو دادەنرێت و لە کۆمپیوتەر دەتوانی وێنەکانی سەر میمۆری وەربگری..

لەم دواییەدا جۆرێك لە card rider بەرهەم هاتووە کە وایەر لەیسە و بە سیستەمی وای فای وێنەکان لە مۆبایل یا لە کامێرا وەردەگرێت.. و دەیانخاتەسەر میمۆری.. ئەو کارت ریدەرە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، یەکەم میمۆری سەر مۆبایل یان کامێراکەت دەرناهێنی و بەئاسانی لە ماوەیەکی کەمدا وێنەکان دەگوازیەوە.. کارت ریدەری جۆری travelair AC یەکێکە لەم کارت ریدەرانە. ئەو مۆبایل یان کامێرایانەی کە سیستەمی NFCیان لەسەرە تەنیا بە نزیك کردنەوەی ئامێرەکە لە کارت ریدەری وایەرلەیس وێنەکانیان دەگوازرێنەوە. ئامێرەکە لە یەك کاتدا دەتوانێ لە پێنج ئامێری وەك مۆبایل یان کامێرا داتا وەربگرێ و رێکیان بخات، واتە لە یەك کاتدا وێنەکانی سەر پێنج کامێرا دەگوازێتەوە سەر میمۆری، بۆ یەك میمۆری بێت یان بۆ چەند میمۆرییەك.

# بزانە ژوورەکەت چەندە هەوای پاکی تێدایە

ئایا دەزانن ئەو هەوایەی لە ژوورەوە هەڵیدەمژن چەندەی پاکە و چەندەی بێ زیانە؟ دەزانن ڕێژەی ئۆکسیجین چەندە لە هەوای ماڵەوە؟ ئەی دی ئۆکسیدانەی کەربۆن؟ تۆز و خۆڵ، شێ، گەرما و...تاد.

پێسبوونی هەوا بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی ڕەبۆ (ئاسم) بوونە گرفتێکی گەورەیە.. بۆیە پێویستە چاودێری وردی هەوای ماڵەوە بن. کۆمەڵە ئامێرێك هەن کە ئەرکیان ئەوەیە ئاگادارت بکەنەوە لە هەوای ماڵەوە.. بەڵام ئامێری uHoo دەڵێت پێشکەوتووترین ئامێرە، چونکە لە هەشت هەستەوەر پێکهاتووە و هەرکامیان تایبەتن بە ئاگادارکردنەوەی حاڵەتێکی هەوای ژوورەوە. ئەو ئامێرە تەنیا زانیاری بە هەوای ژوورەوە نادات، بەڵکو ڕێژەی مادەی ژەهرای و هەستیار و مەترسیداریش دیاری دەکات. لەگەڵ ئامێرەکە ئەپلکەیشنێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەر مۆبایل یان تەبلێت دادەنرێت و بەهۆیەوە دەتوانی ئاگاداری هەوای ژوورەوە بی.







# پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوەی ویندۆز

سیستەمی ویندۆز هەرچەندە خۆی ریکۆڤەری یان ریستۆری تێدایە بۆ گەڕاندنەوەی ویندۆز بۆ ئەوکاتانەی کە بێ گرفت بوو، بەتایبەت لە سیستەمی ویندۆز ١٠ چەندین شێواز هەیە بۆ گەڕاندنەوە یان ریستۆری کردنی ویندۆز، بەڵام ڕەنگە زۆرجار ئەوە وەڵامدەرەوە نەبێت بۆیە پرۆگرامی RollBack Rx دەتوانیت یارمەتیدەرێکی باش بێت. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە دەتوانی هەم بە شێوەی ئۆتۆماتیك و هەم بەشێوەی دەستی واتە بە ویستی بەکارهێنەرەکەی ویندۆز ریکۆڤەری بکات، تایبەتمەندی پرۆگرامەکە ئەمانەن، شوێنێکی ئەوتۆ لە ناو هارددا ناگرێت، بە ئاسانی ئامانجەکانی بەکارهێنەر لەگەڕاندنەوەی ویندۆز بۆ حاڵەتی پێش تێچکوونی بەجێ دەگەیەنێ.. لەگەڵ گشت ویندۆزەکان دەگونجێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت من پرۆگرامی تیلگرامم لەسەر مۆبایلەکەم سڕیوەتەوە ئایا وێنە و نووسینەکانم کە بۆ هاوڕێکانم ناردووە دەمێننەوە؟**

خوێنەری بەڕێز سڕینەوەی پرۆگرام لە مۆبایل بە مانای دەرچوون لە پرۆگرامەکە نییە، چونکە دەرچوون لە پرۆگرام بەو شێوەیە نابێت، لەسەر ئەوەی کە وێنە و نووسینەکانت کە ناردووتن دەمێننەوە، بەڵێ دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی دروستیش لە ئەکاونتەکە دەربچی پەیامەکانت کە بۆ هاوڕێیانت ناردووتن هەر دەمێننەوە.

# رۆبۆتێک چیرۆک بۆ منداڵان دەخوێنێتەوە



جیهانی رۆبۆتەکان پێدەچێت ببێتە بە جیهانی واقیعی، مرۆڤەکان بۆ گشت کاروبارەکان پێویستیان بە رۆبۆت دەبێت لە وردە کاری ماڵەوە هەتا کارو ئەرکی زۆر سەخت، لەم ماوەیەدا هەوڵ دراوە رۆبۆتە تەنیا شوێنگرەوەی ئەرکی جەستەیی نەبێت بەڵکو ببێتە هاورێ و مامۆستا و هەروەها ببێتە نووسەر و شاعیریش..

رۆبۆتی music یەکێکە لەو رۆبۆتانە کە دەکرێ وەك هاوڕێی باش سەیری بکەی، چونکە لەگەڵت دەدوێ وەڵامی پرسیارەکانت دەداتەوە، بۆ منداڵان لایەلایە و چیرۆك دەخوێنێتەوە..ئەرکەکانی ماڵەوە وەك چاودێری گشت ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بە ئەستۆ بگرێ..

موسیۆ سێ حاڵەتی هەیە، سادە، هۆشمەند و بلیمەت... لە حاڵەتی سادەدا هەندێك کرداری ئاسایی ئەنجام دەدات، لە حاڵەتی هۆشمەند دەتوانێت لەگەڵ ئامێرەکانی دەوروبەری وەك تەلەڤزیۆن، سپلیت و بەفرگرو...تاد پەیوەندی هەبێت و ئەرکی کۆنترۆڵیان بگرێتە ئەستۆ.. لە حاڵەتی بلیمەتیشدا هاوکارێکی بچووکیشی لەگەڵە بەناوی سۆفی کە بە خێرایی زۆرەوە ئەرکەکان ئەنجام دەدات. رۆبۆتی ناوبراو بە ویستی بەکارهێنەر دەکرێت فەرمانی پێبدرێت چونکە بەرنامەداڕشتنی ئاسانە..





## سایتێک بۆ گۆکردنی زمانەکان

وەرگێڕی گوگل یان وەرگێڕی بابلیۆن یان وەرگێڕەکانی دیکە گەرچی کارئاسانی زۆریان بۆ بەکارهێنەر کردووە،بەڵام کێشەیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێك نیازت هەبێت بزانی وشەی مەبەستت بە زمانی خۆی چۆن گۆ دەکرێت ئەوکات لەبری مرۆڤ رۆبۆت شێوازی گۆکردنەکە دەردەبڕێ کە سوودێکی ئەوتۆی نییە.. بەڵام سایتی http://forvo.com/ کە سایتێکە زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی دیکەیە تەنانەت کوردیش بە هەر دوو شێوەی سۆرانی و کرمانجی دەتوانی ئەو وشەیەی مەبەستتە بە دەنگی مرۆڤ گوێت لێ بێت، بۆخۆشت دەتوانی لە دەوڵەمەندکردنی سایتەکە بەشداربی و ئەو وشانەی لە سایتەکەدا نین بە دەنگی خۆت تۆماری بکەی... هەر بۆیە رۆژ بە رۆژ سایتەکە دەوڵەمەند دەبێت..